# تەبەڕوک کردن بە ئاوێک هەڵژەنرابێت لە مووی سەری پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم)

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ موحەمەد صاڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# التبرك بماء قيل إنه فيه شعرة للنبي صلى الله عليه وسلم

« باللغة الكردية »


## الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# تەبەڕوک کردن بە ئاوێک هەڵژەنرابێت لە مووی سەری پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم)

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : لە یەکێك لە موحاضرەکان لە وولاتی ئوردون ئامادەبووم، بابەتەکە لەسەر مزگەوتی (الاقصى) و سەرخستنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوو، موحاضرە کە ئافرەتێك دە یدا، کە ئاوێکی ئامادە کردبوو، کە گوایە هەڵژەنراوە لە مووی سەری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەم موووانەش گوایە لە مزگەوتی (الجزار) لە شاری عەکایە لە فەلەستین، ئەم ئاوەش لە دەبەیەکی بچووکدا بوو، بە قسەی ئە و ئافرە تە ئەو دە بە بچووکەی کە ئاوەکەی تێدابوو، تێکەڵاوی تانکیەکی گەورە کرا، بۆ ئە وەی ژمارە یکی زیاتر سوودی لێ ببینن، منیش وە ك سەرجەم ئەو ئافرەتانەی لەوێن بوو، کەمێك لەو ئاوەم لەگەڵ خۆم هێنا، پرسیارە کەم ئە مەیە ئایا دروستە ئەو ئاوە بەکاربهێنیت بەمەبەستی شیفای نە خۆشی و بە رەکەت، خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتە وە وەڵامی ئە م پرسیارە مان بۆ ڕوون بکە نەوە، بۆ زانیاریشتان ئە و ئاوە م تا ئێستا بە کار نەهێناوە و هەر لای خۆم هەڵمگرتووە ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەلاّت وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار وياوەرانی هەتا هەتایە .

زانایان هاودەنگن لەسەر ئەوەی دروستە مرۆڤ تەبەڕوك بكات بە ئاسەوارەكانی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم ) لە مووی سەر و عەرەق و هەندێكی شتی تریش، ئەویش لەبەر ئەوەی بەڵگەی شەرعیمان لەبەردەستدایە لەم بارەیەوە، فَعَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ لَمَّا رَمَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْجَمْرَةَ وَنَحَرَ نُسُكَهُ وَحَلَقَ نَاوَلَ الْحَالِقَ شِقَّهُ الْأَيْمَنَ فَحَلَقَهُ ثُمَّ دَعَا أَبَا طَلْحَةَ الْأَنْصَارِيَّ فَأَعْطَاهُ إِيَّاهُ ثُمَّ نَاوَلَهُ الشِّقَّ الْأَيْسَرَ فَقَالَ احْلِقْ فَحَلَقَهُ فَأَعْطَاهُ أَبَا طَلْحَةَ فَقَالَ اقْسِمْهُ بَيْنَ النَّاسِ [رواه مسلم ١٣٠٥ ] .

واتا : ئەنەسی كوڕی مالیك (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە و دەڵێت : كاتێك پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم ) لە (وەرزی حەجدا) بەردەكانی دا جەمەرات و ئاژەڵی هەدیەكەی سەربڕی و سەری تاشی، پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) لای ڕاستی خستە بەردەم سەرتاشەكەی و ئەویش بۆی تاشی، پاشان پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم ) بانگی ئەبوطەلحەی ئەنصاری كرد و مووەكانی پێدا، ئەمجا لای

چەپی تاشی و ئەویشی دا بە ئەبو طەلحە و پێی ووت لە نێوان خەڵکیدا دابەشی بکە .

وعَنْ أَنَسٍ أَنَّ أُمَّ سُلَيْمٍ كَانَتْ تَبْسُطُ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نِطَعًا فَيَقِيلُ عِنْدَهَا عَلَى ذَلِكَ النِّطَعِ ، فَإِذَا نَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَخَذَتْ مِنْ عَرَقِهِ وَشَعَرِهِ فَجَمَعَتْهُ فِي قَارُورَةٍ ثُمَّ جَمَعَتْهُ فِي سُكٍّ . قَالَ [القائل هو ثمامة بن عبد الله بن أنس : [فَلَمَّا حَضَرَ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ الْوَفَاةُ أَوْصَى إِلَيَّ أَنْ يُجْعَلَ فِي حَنُوطِهِ مِنْ ذَلِكَ السُّكِّ قَالَ فَجُعِلَ فِي حَنُوطِهِ » [ رواه البخاري (٦٢٨١) ].

واتا : هەر لە ئەنەسەوە (خوای لێ ڕازی بێت ) ئەگێڕێتەوە کە (أم سليم ) پارچە پێستێکی ڕاخست بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) کە سەرخەوی پێش نیوە ڕوانی لە سەر دەشکاند، جا کاتێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لەسەر ئەو پارچە پێستە خەوت، پاشان (أم سليم) پاش ماوەی ئەو عەرەق و موانەی کە بەجێ دەمان لەسەر ڕاخەرەکەی ژێر پێغەمبەی خوا (صلى الله عليه وسلم ) کۆی دە کردنەوەو و دەیخستنە ناو شوشە یەکی بچووکە وە، (ثمامەی کوڕی عبد اللەی کوڕی ئە نەسی کوڕی مالك ) دەڵێت : هەموویم کۆکردەوە لەگەڵ بۆنێکی خۆشدا تێکە ڵاووم کردن، جا کاتێك ئە نەسی کوڕی لەسەرە مەرگدا بوو، وەصیەتی پێ کردم کە هەندێك لەو

بۆنە خۆشە بکەم بە کفنەکەیەوە) ئەڵێت : هەر بەو شێوەیە کرا و ئەو بۆنە خۆشە کرا بە کفنەکەیەوە.

ئەمە و چەند بەڵگە و دەلیلێکی تر کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ذاتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و ئەوەی لێ جودا بووەتەوە لە موو و عەرەق و هاوشێوەکانی خوای گەورە بەرەکەتی تێخستووە، و دەکرێن بە تەبەڕوکیش، و ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت کە مرۆڤ بەهۆیانەوە لە دونیا و دواڕۆژدا سوودمەند ببێت لێیان، ئەوەشی ئەم بەرەکەت و خێرەش دەبەخشێت تەنها خوای گەورە و پەروەردگارە .

بەڵام ئێستا و لەم سەردەمەی خۆماندا کە هەندێگ کەس وا گومان دەبەن کە گوایە ئەمە مووی سەری پێغەمبەی خوایە (صلی الله علیه وسلم) ئاسەواری ئەوە، تەنها گومانێکە هیچی تر، چونکە هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و دروست لەبەردەستدا نییە ئەم ڕاستیە بسەلمێنێت، ئەوەشی لەم بارانەوە دەوترێت و لەناو خەڵکدا دەماودەمی پێ دەکرێت تەنها جۆرێکە لە خورافیات و دەجەل و شەعوەزە، وەك ئەوەی دەڵێن : ئەمە تاڵە مووی سەری پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم ) چونکە ئەگەر بخرێتە بەرخۆر سێبەری نییە، نموونەی ئەم قسە و قسەڵۆکانە هەر شایانی ئەوە نییە ئاوڕیشی لێ بدرێتەوە .

شێخ ناصرالدین ئە لبانی (ڕەحمەتی خوای لێ بیت ) لەم بارەیەوە دەڵێت : « **وليس بإمكان أحد إثبات وجود شيء منها على وجه القطع واليقين** » [ التوسل : لاپەڕە ١٤٧ ] واتا : ئێمە دەزانین ئاسەواری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە جلوبەرگ و مووی سە ر و عارە ق و لیك وئاوی دە ست نوێژ، هە مووی فەوتاون، و هیچ کە سێکیش ناتوان ێت بە دڵنیایی و بە شێوەیەکی یەقین ئەوە بسەلمێنێت .

جا هە ر بۆیە دروست نییە تەبەڕوك بە و ئاوە بکەیت کە پرسیارەکەت لە بارەیەوە کردووە، هە تاوەکو بە دڵنیایی و بەیەقین دە زانیت ئە وەی دانراوە لەو صندوقە دا مووی سە ری پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم )، بێگومان هیچ ڕێگایەکیش نییە کە دڵنیامان بکاتە وە بۆ ئە م مە سئەلەیە، لەبەر ئەوە دەبێت زۆر ئاگاداری ئە و کەسانە بین کە بەناوی مووی سەری پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) خەریکی خورافیات و خە ڵەتاندنی خەڵکی و برە و دانن بە (بدعە) ن، هەروەك چۆن پێویستە زانست و زانیاری و بانگە وازی خەڵکی بۆ لای خوای گەورە لەسەر دەستی کەسانێك بێت کە ناسراوون بەوەی شوێنکە وتەی سوننە تی پێغە مبەری خوا و بڵاوکردنەوەینینی لە ناو خە ڵکیدا، دە بێت کە سانی ژیر و هۆشیاریش تێ بفکرن و بیر بکە نەوە لەوەی لە م سە ردەمەدا چۆن باس وخواسی بە رگری لە دین و سە رخستنی ئاینە کەی خوای گە ورە گۆڕاوە بە خۆ سە ررقاڵ کردن بە شتانێکەوە کە

بەڵگە نییە لەسەر ثابت بوونیان، باشتر بوو ئە و موحاضرەیەی کە باست کرد لەبری خۆ مەشغوڵ کردن بەو شتانەوە بانگەوازی خەڵکی بووایە بۆ فێرکردنی سوننتە کانی پێغە مبەری خوا و پابەند بوون پێیانە وە، چونکە ئەمانە هۆکاری سە رکەوتنی موسڵمانانن نەك ئەو شتانە .

خوای گە ورە ئێمە و جە نابیشت بکات بە شوێنکەوتەی سوونەتەکانی پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) .

خوای گەورەش زاناترە .